کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-5-2007 13:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆمەڵگای کوردەواری و هەندێک داب و نەریتی نامرۆڤانە ... کاکۆ عبداللە

ڕەنگە هەر یەکێك لەئێمە زۆر شانازی بەکورد بوونی خۆمان بکەین، وەزۆربەشمان گەر توشی یەکێك بوبی لە هەر میللەتێکی تر بە شانازیەوە باسی میللەتی کوردی کردوەو شتی جوانی لەبارەیەوە ووتوە ئینجا پیا هەڵدانی بە ئازایەتی بێت یا بەخووڕەوشتی جوان بێت وەیا هەر شتێکی تر، ڕەنگە گەر یەکێك لە میللەتێکی تر قسەیەك یاخود عادەتێکی خراپی میللەتەکەمان باس بکات ئەگەر ڕاستیش بێت تورە بین و لێی قەبول نەکەین کەچی لە ڕاستیشدا بەدەیان عاداتی خراپمان هەیە.
بەبڕوای من میللەتی کورد بە شێوەیەکی گشتی میللەتێکی دوا کەوتوە و یاسایەکی زۆر کۆنی دارستانی بە کار دەهێنێ بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کێشە کۆمەلایەتیەکان، ناتوانین لەگەڵ زۆربەی میللەتانی جیهانی بەراورد بکەین، جاری ووشەی عەیبە یان ئابڕوچوون لای ئێمە ئەوەندە گەورەیە ڕەنگە بە هەزاران کەسی لەسەر کوژرابێت، کەچی ڕەنگە زۆربەی میللەتان نەزانن مانای چیەو هەر تێشی نەگەن، من لەگەڵ ئەوەنیم ووشەی عەیبە ئەوەندە نەگەتیفە و نابی لای ئێمەش بمێنی بەڵکو لە هەندێك شوێن وکاتدا پێویستە چونکە هەر میللەتێك کەلتورێکی تایبەت بەخۆی هەیە ومەرج نیە ئەومیللەتەی پەیڕەوی ئەم ووشەیە نەکات لە 100% پێشکەوتوە بەڵکو دەبی عەیبە لەهەندێك شت و بە ڕاددەیەکی مام ناوەندی بێت و نەبێتە هۆی توندو تیژی وکوشتن. نمونە لەسەر دواکەوتوویی ئەم میللەتەی خۆمان یەکجار زۆرە ڕەنگە ئەگەر هەر یەکێکمان لەخانەوادەکەی خۆمان هەڵسوکەوتێکی ئەوتۆی ناشیاومان نەبینیبوبی ئەوە بەدڵنیایەوە لەناو خزم وکەس و دەوراوپشتمان بەدەیان کاری ناڕەواو دژ بە مرۆڤایەتیمان بینیوە یان بیستوە وەنزیکترین بەڵگەش کوشتنی کچە ئێزیدیەکەیە کەبە چ شێوەیەك و لەسەر چ کوژرا ڕەنگە ئەم بابەتە زۆر باس کرابی و زۆری لەسەر نوسرابی، بە بڕوای من ئەم کارەساتە دڵۆپێکە لە دەریای مێژوی پڕ تاوانی کۆمەلایەتی ئەم میللەتەی ئێمە وەناتوانین ئەم کارەساتە بە مەسەلەیەکی جیاوازی دین لە نێوان کچ و کوڕکە دابنێین و بڵێین ئەگەر هەردووکیان هەمان دین بانایە ئەم کارەساتە ڕوینەدەدا بەڵکو ئەمە پەیوەستە بە کەلتوری ناوچەکەمان ئینجا لەهەر دیانەتێك بێت، بگرە بەدەیان کارەساتی لەم بابەتەوهەرلەوشارەی خۆمان ڕویداوە تەنها جیاوازیەکەی لەگەڵ کارەساتەکەی دوعا ئەوەیە ئەمیان وێنەی گیراوەو ئەوەی ئێرە بێ وێنەیەو خەڵك نەیبینیوە بۆ نمونە چەند مانگێك لەمەوبەرناسیاوێکی خۆم کوڕێکی گەنجی تەمەن تەنها 22بەهار پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێك دەبێت و دیارە لای کەس وکاری کچە ئەم پەیوەندیە ئاشکرا دەبێت ورۆژێك بە پلانێك کوڕەکە بانگهێشتی ماڵی کچە دەکرێت و بەهەمان شێوەی کوشتنی دوعا وەکو دڕندە پەلاماری دەدەن و بەبەردو کەرپوچ دەکەونە گیانی تاکو گیان لە دەست دەدا بەمەش ناوەستن پاش بردنی تەرمەکە بۆ دەرەوەی شار لەوی بەدوای ئۆتۆمبێل ڕای دەکێشن وتەرمەکە دەشێوێنن و هەر ئەو کات کچەکەش دەکوژن ئایا ئەم تاوانە چی کەمترە لە تاوانەکەی دوعا خۆ ئەم کوڕو کچە لەسەر هەمان دینیش بوینە. نمونەیەکی تر ئەویش کە خۆم دەیانناسم ئەم خانەوادەیە کچە تەمەن 13 ساڵیەکەیان لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان دەبینن لەگەڵ کوڕێکی هاو تەمەنی خۆی قسە دەکات بۆیە کەس وکاری کۆبونەوەیەك لەسەر ئەم کێشەیە دەکەن و ڕیش سپیەکەیان فەرمانی کوشتن بەسەر کچە دەسەپێنێ و گەنجەکانیش بڕیارەکە جی بەجی دەکەن ئایا کچێك لەم تەمەنە دەبێت هۆش وجۆری بیرکردنەوەی لە چ ئاستێکدابێت، وابزانم لە هەمو یاساو عورفی میللەتانی دونیاولەوسەردەمەدا مرۆڤێك لەوتەمەنەو لەسەر هەر تاوانێك بێت بەم جۆرە سزا نادری. ئەمانەو دەیان نمونەی سەیرو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-5-2007 13:19بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

سەمەرەو دڕندانەی تر کە ڕویداوە ڕوی ڕاستی دوا کەوتوویی میللەتەکەمان دەردەخات، سەیرەکە لەوەیە ئەوکەسانەی ئەو تاوانانە ئەنجام دەدەن نەك سزای حوکمەت و کۆمەڵ نایانگرێتەوە بەڵکو وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچی وئەم تاوانەی بەسەربەرزی وشەهامەت بۆ حیسابە. دیاردەیەکی سەیرتری ئەم میللەتە زۆر لەو کێشە کۆمەلایەتیانەی کە دەگاتە ئاستی کوشتن بە مادده چارەسەری دەکری ئەویش پێی دەوتری سولحی عەشائیری بەبی ئاگایی دادگاو ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ئایا ئەمەش ڕویکی هەرە دواکەوتوی ئەم میللەتە نیە کە یەکێك گیان لە مرۆڤێك بسەنێتەوەو پاشان بە دانی بڕێك پارە بەکەسو کاری کوژراوەکە لە هەمو جۆرە سزایەك ڕزگاری ببێت، باشە ئەگەر ئەم جۆرە ڕوداوانە لای میللەتانی تر بەتایبەتی میللەتانی پێشکەوتوی وەکو ئەوروپاو ئەمەریکا باس بکەی دەبێت تێڕوانینیان بەرامبەر میللەتی ئێمە چۆن بێت؟بەدڵنیایەوە بە دڕندە سەیرمان دەکەن، خۆ ڕەنگە کێشەی کۆمەلایەتی ئەگەر بەم جۆرەی ئێرەش نەبوبێ ڕویدابی وَ خەڵکیشی لەسەر کوژرابی بەڵام ئەمە کەی و پێش چەند ساڵ بەلایەنی کەمەوە 200 تاوەکو 300 ساڵ لەمەو بەر ئاخر سەیر نیە لەسەدەی 21 مرۆڤ لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بکوژری. من دواکەوتنی میللەتەکەم دەگەڕێنمەوە بۆ دوو شتی سەرەکی

یەکەمیان تێنەگەیشتنیەتی بەرامبەر ئەو دینەی کە دەیپەرستی بەشێوەیەکی زانستیانە، کەوای کردوە زۆر شت هەیە موقەدەسەو نابی بەهیچ شێوەیەك دەست کاری بکرێت و تەنانەت بیریشی لی بکەیەوە ئەگینا دەبیت بە خوا نەناس، دەبێت تەنها گوی لەقسەو فەتواکانی پیاوە ئاینیەکان بگیریو پەیرەَو بکرێت بەبی ئەوەی بزاندری ڕاددەی بیرو زانیاری ئەم پیاوە ئاینیە لە چ ئاستێك دایە، زۆربەی خەلك کە کێشەیەکی کۆمەلایتی هەبوو گەر بیەوی ڕاوپرس بکات ناچێت پرس بە خەلکێکی خاوەن بیرێکی هۆشیارو شارەزا لە بواری کۆمەلایتی بکات بەڵکو دەچێت پرس بە مەلایەك دەکات (لەگەڵ ڕێزم بۆ ماموستا ئاینیەکان) هەندێکیان هەنە تەنها دەزانن قورئان بخوێننەوە ئەویش بە کرچ وکاڵی کەچی بوون بە مەلاو خەلك حیساب بۆ قسەکانیان دەکەن.

دووەم هۆ دەگەڕێنمەوە بۆ بی خاوەنی ئەم میللەتە چونکە تاکو ئێستا هیچ حوکمەتێك یا حزبێك هەوڵی نەداوە ئەم کۆمەڵگایە بەرەو شارستانیەت ببات و بیرو هەستێکی هۆشیارانە لەناو مێشکی خەلك گۆش کردبی ووای لێبکات هەر تاکێك بیەوێت کارێك ئەنجام بدات پێشتر بیری لێبکاتەوەو لایەنە باش وخراپەکەی تاوتی بکات ئینجا ئەنجامی بدات. ڕاستە ئێستا دەبینین چەندین بارەگای ڕێکخراوە مەددەنیەکان لەسەر شەقامەکان کراوەتەوە بەڵام تەنها کردنەوەی ئەم بارەگەیانە بەس نیە بەڵکو ئیشکردنی ئەم بارەگایانە گرنگە پێویستە خەڵکی کارامەو ماندوو نەناس تێیدا کار بکەن نەك تەنها بۆ دەرکەوتن لە میدیاکان بێت و بڵێین ئێمە ئەم هەموو داموو دەزگا مەدەنیەمان هەیە بۆیە میللەتێکی شارستانین، بەهەر حال ڕەنگە بەگەڕخستنی ئەم ڕێکخراوانە بەشێوەیەکی کارامە کاریگەری پۆزەتیفی هەبێت بەلام هەرگیز ناتوانی کێشە کۆمەڵایەتیەکان بنبڕبکات بۆیە ئەم گۆڕانکاریە بنەڕەتیە بەوەدەکری کە حوکمەت نەوەیەکی نوی پەروەردە بکات، خۆ ڕەنگە گۆڕینی ئەم نەوەی ئێستا ئاستەم بێت بەلام خۆ دەتوانی نەوەیەکی نوی پەروەردە بکات لەسەر بنچینەی مافی مرۆڤ وبیرکردنەوەی ئازادو فراوان کە بتوانن لەپاشە ڕۆژ بەرهەڵستکاری هەموو کارێکی ناشیاوی ناو کۆمەڵگا بکەن و بنبڕی بکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.